



# ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە کتێبی (شیعر لە ستایشی شاردا)

**پ. ی. د. کەیفی ئەحمەد**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

کتێبی (شیعر لە ستایشی شاردا)ی نووسەر (مام هەژار)، کتێبێکی ناوازە و جوانە کە بەرهەمی ساڵی (٢٠٢٤)ە. بیرۆکەیەکی زۆر جوانی نووسەرە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو شیعرانە کۆبکاتەوە کە لە ستایشی شاری کۆیەدا هۆنراونەتەوە، هەروەها بەکورتی باسی ژیانی نووسەری ئەو شیعرانە بکات و زیاتر بە خوێنەرانی بناسێنێت، یان ئەو نووسەرانەی ناسراون بەشێوەیەکی خێرا و سەرپێیی بەبیری خوێنەری بهێنێتەوە کە (٣٠) شاعیری لەخۆگرتووە، لەوانە (٢٤)یان خەڵکی کۆیەن و (٦)یان خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانن.

نووسەر خاوەنی (٤) بەرهەمی چاپ کراوە، کە لەوانە (٣) بەرهەمیان لەسەر کۆیەن، هەروەها کتێبەکە لە (١٨٣) لاپەڕە پێک دێت، بە قەبارەی (١٤ × ٢١)سم. لە دووتوێی بەرگێکی جواندا خراوەتەڕوو کە بەدەست و پەنجەی دیزاینەری لاو (شیاو سەرتیپ جەڕاح) نەخشێنراوە.

لێرەدا پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەری بەڕێز (مام هەژار) دەکەم و هەوڵ و ماندووبوونەکەی بەرز دەنرخێنم، پرۆژەکەی، پرۆژەیەکی جوان و لەجێیە، بەڵام هەندێک تێبینیم لەسەر کتێبەکە هەیە، کە بۆ زیاتر جوانکردنیەتی، هەروەها بۆ نەهێشتنی کەموکورپییەکانە بەو ئومێدەی کە لە بەرگەکانی داهاتوو و چاپی دووەمی ئەم کتێبەدا سوود لەو تێبینییانە وەربگرێت، کەواتە تێبینییەکان دۆستانەن و بە مەبەستی خزمەتکردنی پرۆژەکەن:

١- ناوونیشانی کتێبەکە (شیعر لە ستایشی شاردا) دیارە مەبەست شاری کۆیەیە، بەڵام ئەم ناوونیشانە هەتا خوێنەر

نەیخوێنێتەوە، نازانێت کە مەبەست لە شاری کۆیەیە، چونکە دەکرێت مەبەست (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک...تاد) بێت، لەبەر ئەوەی ناوونیشانەکە زۆر گشتییە و بە خوێندنەوەی تەنیا ناوونیشانەکە نازانی مەبەستی کامە شارە، بۆیە باشتر بوو، ناوونیشانەکە (شیعر لە ستایشی کۆیە، یان شاری کۆیە)دا بووایە، چونکە ناوونیشان بۆ بابەت و کتێب و هەر نوسراوێکی دیکە زۆر گرنگە و دەبێت وابێت، کە خوێنەر یەکسەر لە مەبەست و ناوەرۆک بگات، یان بەتەواوی گوزارشت لە مەبەست و ئاراستەی نووسەرەکە بکات.

٢- ئەگەر دووبارە سەیری ناوونیشانەکە بکەینەوە، دەبینین نووسەر مەبەستی ئەوەیە، کە هەموو ئەو شیعرانە بخاتە نێو دووتوێی کتێبەکەی، کە لەسەر شاری کۆیە نووسراون و باسی کۆیە دەکەن و وەسفی ئەو شارە دێرین و پێشەنگە دەکەن، نەک باسی یەکێک لە کەسەکانی ئەو شارە بکات، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، دەبێت ناوونیشانەکەی بگۆڕێت و بکرێت بە ( شیعر لە ستایشی جوامێرانی کۆیە)، چونکە شیعری وای تێدایە، بە وشەیەکیش باسی ئەو شارە نەکراوە، تەنیا باسی کەسەکە دەکات، ئەوجا ئەگەر کەسەکە خەڵکی هەر شارێکی دیکە بێت، یان لە بنەڕەتدا لەوانەیە خەڵکی ئەم شارەش نەبووبێت، شار و ناوچەیەکی دیکە بە ڕۆڵەی خۆی بزانێت، بۆیە ئەم تێکەڵییە، لادانە لە مەبەست و ناوونیشانی کتێبەکە، دەکرێت نووسەر کتێبێکی دیکە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات. بۆ نموونە چۆن دەبێت شیعرەکەی (جەلال جۆبار و جەمیل ڕەنجبەر) بخرێنە ژێر یەک ناوونیشان و مەبەست (کە یەکیان باسی شاری کۆیەیە و ئەوەی دیکەیان باسی جوامێرێکی شاری کۆیەیە) ڕاستە ئەو جوامێرە خەڵکی ئەو شارەیە و هەموو شار و کوردستانیش شانازی پێوە دەکات، بەڵام ناوونیشان و مەبەستی کتێبەکە جیاوازە و ناتوانرێت بخرێنە نێو یەک چوارچێوەوە. نەک هەر ناوونیشانەکە گوزارشتە لە شارەکە بەگشتی نەوەک تاکەکانی، بەڵکوو ئەو پەرەگرافەی بەرگی دواوەی کتێبەکەش، هەر هەمان گوزارشتی هەیە کە ناوەرۆکی کتێبەکە باسی شاری کۆیە بەگشتی دەکات.

٣- کاتێک نووسەر نووسینێکی دیکە وەک خۆی بەکاردەهێنێت، نابێ بەوەندە لێی بگەڕێت، کە تەنیا نووسینەکە تۆمار بکات و بیگوێزێتەوە و بیخاتە بەردیدی خوێنەرەکانی، بەڵکوو دەبێت قسەی خۆی و تێبینی و ڕوونکردنەوەی لەسەر نووسینەکە هەبێت، بۆیە باشتر و جوانتر و زانستیتر دەبوو، ئەگەر لە پێش، یان لە دوای شیعرەکە، نووسەری ئەم کتێبە کورتەیەکی کورت و پوختی لەسەر ئەو شیعرە و مەبەست و هۆکارەکانی نووسینی بنووسیبایە.

٤- نووسەر ژیاننامەی هەموو ئەو شاعیرانەی شیعرەکانی هەڵبژاردوون لە پێش شیعرەکەیدا تۆمارکردووە، بەڵام وەک دەردەکەوێت، زۆربەی زۆری ئەو نووسینە، یان ژیاننامەیە لە کتێب و سەرچاوەی دیکە وەرگیراون، بەڵام نووسەر بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ئەو سەرچاوانە نەکردووە کە لێی وەرگرتووە، وەک پاراستنی ئەمانەتی زانستی، دەبوو ناوی ئەو سەرچاوەیە بنووسێت کە ژیاننامەکەی لێ وەرگرتووە و بەڕوونی ئاماژەی بۆ کردبایە، بۆ ئەوەی هەوڵ و تەقەلای خەڵکی دیکە پشتگوێ نەخرێت و نادیدە نەگیرێت.

٥- دیارە شیعری شاعیرە هەڵبژێرراوەکانیش لە سەرچاوە و کتێب و دیوانی شاعیران وەرگیراون، بۆیە دەبووایە ئەوانیش ئاماژەیان پێ بدرێت،

کە لە چ سەرچاوەیەک وەرگیراون، چونکە هەندێک لە شیعرەکان بەتەواوی نەنووسراون، بەهۆی درێژی شیعرەکان، نووسەر تەنیا بەشێکی لێ تۆمار کردووە، ئەوەی ڕاستی بێت، نووسەر لە هەندێک شیعردا ئەمەی جێبەجێ کردووە و دەڵێت لە دیوانی، یان لەو کتێبەوە وەرگیراوە، بەڵام لە زۆربەی زۆریان ئەوەی پەیڕەو نەکردووە و ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی ئەوانیش نەکردووە، لایەنی باشەی تۆمارکردنی سەرچاوەی شیعرەکە بۆ ئەوە باشە کە لەوانەیە هەندێک کەس بیەوێت شیعرەکە بەتەواوی بخوێنێتەوە.

٦ - ڕیزبەندی شاعیرەکان، دەبوو ناوی شاعیرەکان بەپێی پیتی ئەبجەدی، یان ئەلف بێ، یان ساڵی لەدایکبوونیان بووایە، نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، چونکە نەبوونی هیچ بنەمایەک بۆ ڕیزبەندی ناوەکان و بابەتەکانیان، لەوانەیە گلەیی و ڕەخنە لەلای شاعیرەکان و خوێنەرانی لێ بکەوێتەوە کە بۆچی ئەم شاعیرە لە پێش ئەو شاعیرەی دیکەوە هاتووە؟ بەڵام هەبوونی بەرنامە و بنەما بۆ ڕیزبەندییەکە، بوار بۆ ئەم جۆرە بۆچوونانە ناهێڵێتەوە و دادپەروەریش جێبەجێ دەبێت.

٧ - وەک باسمان کرد، کورتەیەکی ژیانی هەموو شاعیرەکان خراوەتەڕوو، جا ئەگەر بهاتبایە، وێنەیەکی ئەو شاعیرەشی لەگەڵدا بووایە، ئەوە ڕەونەقێکی جوانتری بە کتێبەکە دەبەخشی، چونکە هەروەک چۆن ژیاننامەیان دەست کەوتووە، ئەوە وێنەکانیشیان لە هەمان ئەو سەرچاوە و ئەو ڕێگەیەی زانیارییەکانی لەبارەیانەوە کۆکردووەتەوە، دەست دەکەوتن.

٨ - خاڵبەندی لە نووسیندا زۆر گرنگە و دەبێت نووسەر بەوردی ڕەچاوی بکات، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەست لە زۆر شوێن و حاڵەتدا، لەم کتێبەدا خاڵبەندی زۆر لاوازە و هیچ گرنگی پێ نەدراوە، هەروەها لەڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەوە هەڵەی زۆر بەرچاو دەکەوێت، بۆیە دەبوو نووسەر پێش بڵاوکردنەوە، کتێبەکەی بداتە کەسێکی پسپۆڕ، بۆ ئەوەی لەڕووی خاڵبەندی و زمانەوانی و ڕێنووسەوە پێداچوونەوەی بۆ بکات.